# هەورامان



کۆکردنەوە نووسین: مەنسوورتەها

تلگرام @mansourtaha

هەورامان یان هۆرامان ناوچەیەکی شاخاوی و گەشتیاریی کوردستانە کە لە نێوان پارێزگای کرماشان و پارێزگای هەڵەبجە هەڵکەوتووە. هۆرامان لە بواری فۆلکلۆرەوە زۆر دەوڵەمەندە و خاوەنی مۆسیقا و جلوبەرگی تایبەتە.

زۆربەی خەڵکی هۆرامان بە زمانی کوردی و شێوەزاری هۆرامی قسەدەکەن. پاوە و نۆتشە (نۆدشە) و تەوێڵە و بیارە و هەورامانی تەخت ناوەندە شارییەکانی هۆرامانن. ڕێژەیەکی زۆری هۆرامییەکان ئێستا لە شارەکانی دیکەی کوردستان وەک مەریوان، هەڵەبجە، سنە، کرماشان، سەوڵاوا، کانیدینار و کامیاران نیشتەجێ بوونە. لە ٢٧ی جولا ٢٠٢١ هەورامان لە لایەن میراتی جیهانیی یوونێسکۆ خرایە ناو پێرستی شوێنەوارە جیهانییەکانەوە

## جوگرافیا

هۆرامان لە چەند بەش پێکهاتووە کە بریتین لە: ژاوەرو، گاوەرو، ڕەزاو و کەمەرە، لهۆن، دزڵی ، هەورامانی تەخت.

## کەش و هەوا

لەبەر بەرزی شوێنی ناوچەی هەورامان ئاو و هەوایەکی دڵگیر و خۆشی هەیە لە بەهار و هاویندا بەڵام پاییز و زستانەکەی زۆر ساردن.

## بەهاری هەورامان

باراناوییەکی خۆشە و تەڕ و پاراوە و بوکێکی ڕازاوەی جوان و دڵفڕێنە. خەڵکی هەورامان لە بەهاردا زۆر سەرقاڵن بە ئیش و کاری باخەکانیانەوە ، بە تایبەت باخەوانەکانیان خەریکی تەڵان چاککردن و نەمام ناشتن و تۆو وەشاندنن.

## هاوینی هەورامان

پلەی گەرمای لە نێوان (٢٥-٣٥) پلەدایە. هەروەها بەهۆی دار و درەخت و کانی و کارێز و چاڵە بەفرەکانیشەوە ، بووەتە هاوینە هەوارێکی جوان و فێنک. هەروەها لە هاویندا خەڵکەکەی بە بەخێوکردنی ئاژەڵ و باخەکانیانەوە خەریکن. لای هەورامی دوو پەند زۆر بڵاوە سەبارەت بە هاوین دەڵێن (تەوەنە ڕەق و هامنی پەی زمسانی مشیو) واتە : بەردە ڕەقەی هاوین لە زستاندا سوودی هەیە. یان بە ناوەڕاستی هاوین دەڵێن : (مانگە و دوانزە مانگەی) واتە: لەم مانگەدا ئیشی دوانزە مانگ دەکرێ.

## پاییزی هەورامان

پاییزەکەی دوور و درێژە بەهۆی گەڵا ڕێزانی باخەکانیەوە دڵگیری و خەمناکیەک دەدات بە دەڤەرەکە. لە سەرەتاکەیەوە خەڵکی ناوچەکە خەریکی کۆکردنەوەی بەروبووم و هێنانەوەن بۆماڵەکانیان.

## زستانی هەورامان

لەم وەرزەدا بارانێکی زۆر دەبارێت و ، لە مانگی بەفرانبار و ڕێبەنداندا یەک پارچە ناوچەکە سپی دەکاتەوە بە بەفر. پلەی گەرماش دادەبەزێت بۆ (١٠-٢٠) پلەی ژێر سفر. خەڵکی گوندەکانی هەورامان ، بەهۆی سەرما و بەفرەوە لە زستاندا ناتوانن ئیش و کار بکەن ، بەڵکو هەندێ جار هاتووچۆی نێوانیان دەبڕێت ، بە تایبەت ئەوسا ، بەڵکو ئاژەڵەکانیان لەم وەرزەدا ناتوانن بێننە دەرەوە ، بۆیە لە هاوین دا دەبێت ئەوەندە (گرزە و ئاڵف و ئالیک) کۆبکەنەوە ، بەشی ئەو ماوە زۆرەی ئاژەڵەکانیان بکات. بێگومان ئەمەش ئەرکێکی زۆر قورسە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ. بۆیە لەم ساڵانەی دواییدا

زۆرێک لە لادێکانی هەورامان بە کاسپی و بازرگانیەوە خۆیان خەریک کردووە ، لە ڕووی مادییەوە وەزعیان زۆر باش بووە بەهۆی مەرزەکانەوە.

## خاکی هەورامان



ناوچەی هەورامان شوێنێکی جوگرافی گونجاوە بۆ گەشەکردنی داری گوێز هەر لەبەر ئەوە خەڵکی ئەم ناوچەیە زۆر گرنگی بەم دارە دەدەن و ساڵانە بڕێکی زۆر بەرهەم دەهێنن.

هەورامان ناوچەیەکی کوردییە و لە ناو جەرگەی کوردستانە ، پڕیەتی لە شاخ و داخ و چیا و دۆڵ و نشێو ، چەندەها دەربەند و نواڵە و کەمەر و مای تێدایە ، دەشتایی و تەختایی زۆر کەمە شاخ و چیاکانی هەورامان درێژبوونەوەی زنجیرە شاخەکانی (زاگرۆس)ن بەرزی شاخەکانی لە نێوان (١٢٧٠-٣٣٩٠م)دان، سروشتی خاکەکەی وای کردووە:

زەوی و زاری گونجاوی کەم بێت بۆ کشتوکاڵ و کشتیاری و بە تایبەت بۆ دانەوێڵە ، کومسایی (ئیکتیکافی زاتی) خەڵکەکەی نەدات.

بە زەحمەت و ڕەنجێکی زۆر بتوانن لە و شاخ و داخە ، زەوی و زار ڕێک بخەن بۆ کشتوکاڵ و باخ و باخات ، لەبەر ئەمەشە کە باخەکانیان خۆشەویستن لەلایان ، وە خەڵکەکەشی بە زەحمەتکێشن .

گوند و شارۆچکەکانی بەرین و گەورە نەبن ببنە شار ، ئەمەش بووەتە هۆی کۆچکردنی خەڵکەکەی. چونکە گەورەبوونی شار ، لەسەر دوو هێڵە (ئاسۆیی و ستونی) یەکەمیان زیاتر پەیوەندی بە سروشتی خاک و ناوچەکەوە هەیە ، دووەمیان ستونییە کە زیاتر پەیوەندی بە لایەنی ئابووری و تەکنۆکراتی و .میعمارییەوە هەیە ، کە بۆ ناوچەیەکی وەک هەورامان کەنارگیرە

بووەتە هۆی لێک دابڕانی لادێکان ، لەناو خۆیاندا و لە نێوان بەشەکانی تری کوردستانیشدا ، هەر بۆیە لە هەندێ ڕووەوە ، جیاوازی هەست پێ دەکرێ ، لە ڕووی جۆری ژیان و خواردن و پۆشاک و نەریت و ، بە تایبەت لە ڕووی زمانەوە وای لێ هاتووە کە زۆربەی ڕۆژهەڵاتناس و هەندێ لە زمانناسی ناوەوەش بە زمانێکی سەربەخۆی لە قەڵەم بدەن.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەورامان هەر لە دێر زەمانەوە بەوە ناسراوە کە پڕە لە گوێز جێگیر و بە ئارام بووە لەسەر خۆ ڕاهێنانی خۆی و خۆ گونجاندنیدا و هەرگیز گەرمیان و کوێستانی نەکردووە وەک لە بەشی (عشائر لوء السليمانية) دا ئەڵێت : ژمارەی خێزانەکانی هەورامان (٤٠٠٠) بوون و ڕێگا و ڕەویەی ژیانیان جێنشینی بووە و ، کۆچەر نەبوون ، کە ئەم ڕایە هەڵبژێردراوی کتێبەکەی (د.شاکر خەصباک)ە بە ناوی (الأكراد /لاپەڕە ١٧٢) ، کە (مارک سایکس) ئەم ئامارەی بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم کردووە.

## مێژوو

هەر کەس بچێت بۆ هەورامان دەزانێ مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و جێگای شەڕ و کێشە و کێبەرکێ بووە بەتایبەت لە دەورانی حاکمانی نێوخۆیی و دەسەڵاتی حکوومەتی بابانەکان، ئەردەڵانەکان، هێرشی قزڵباش، عوسمانی و سەفەوی، هەمیشە مەیدانی بەربەرەکانی بووە. دەڵێن لەبەر چڕی و سەختی لە دەورانی هێرشی ئەسکەندەر مەقدوونی، هەورامان زیندانی ئەسیرانی شەڕ و تاوانبارانی بەردەستی شا بووە وەکوو فیردەوسی دەڵێ:

اشاره به زندان اورامان نمود          سکندر بهر کس غضب درگشود

دیارە ئەوە نیشانەی مێژووی لەمێژینەی ئەم ناوچەیەیە

| ناوی فەرمانڕەوا | ساڵ | کاتی فەرمانڕەوایی یان ژیان |
| --- | --- | --- |
| بەهمەن بەگی یەکەم کوڕی ئەسفەندیار کوڕی کوشتاسب کوڕی لوهراسپ. | ٦٠٢-٥٣٣ پ.ز | فەرمانڕەوایی |
| بەهمەن بەگی دووەم | ٤٦٤-٢٤٢ پ.ز | ژیان |
| بەهمەن بەگی سێیەم | ٩٩٧-١٠٥٢ ز | فەرمانڕەوایی |
| باریە بەگی کوڕی بەهمەن بەگی سێیەم | ١٠٥٢-١١٠٩ ز | فەرمانڕەوایی |
| میر جەلالەدینی کوڕی باریە بەگ | ١١٠٩-١٢٠٨ ز | ژیان |
| میر سەعید جیاشا کوڕی میر جەلالەددین | ١٢٩٨-١٣٩٦ | ژیان |
| سلێمان بەگی یەکەم کوڕی میر جیاشا | ١٣٩٦-١٤٩٢ | ژیان |
| بارام میرزا بەگی کوڕی سلێمان بەگی یەکەم | ١٤٩٢-١٥٧٧ | ژیان |

## هونەر

### نژیاروانیی هەورامان



وێنەیەک لە مزگەوتی هەورامان تەخت، نموونەیەک لە نژیاروانیی هەورامان

بڕێک لە ناوچەکانی هەورامان نژیاروانییەکی تایبەتیان تێدایە و تا ئەمڕۆش شێوەی کۆنی تەلارسازیی خۆیان پاراستووە. ماڵەکان لە هەوراماندا لە بەرد و چێوی درەختی گوێز دروست دەکرێن و بە کار هێنانی بەرد بووە بە هۆی ئەوەوە کە تاقی زۆر لە خانووەکاندا ببینرێت.

## مۆسیقای هەورامان

گەر بە چاوێکی ورد ببینە بڕوانین بۆ لە دایکبوونی گۆرانی و سیاوچمانەی هەورامی ئەوا ئەگەڕێینەوە بۆ مێژووی هەورامییەکان کە ڕەنگە وەک مێژووی گشتی کوردستان گۆڕانکاری و ئاڵو گۆڕی زۆری بەسەردا هاتبێ، خاوەن ڕایان پێیان وایە ئاواز و گۆرانی لە گڤەی باو باران و خوڕەی کانی و قرمە و هاژەی چەم و ڕووبار و نەعرە و لوورەی بوونەوەرانەوە سەرچاوەی گرتووە. بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە وە هەروەها بەهۆی چیا و ئەشکەوت و چەم و دۆڵی عەجایب و و مۆسیقای سروشتەوە مرۆڤی هەورامی لە کاردانەوە و پاشان لاسایی کردنەوەی ئەو دەنگانەدا گونجانیکی لە نێوان داهێنانی خۆی و دیاردە سروشتییەکاندا دروست کردووە ئەم حاڵەتە وردە وردە لە خۆشی و ناخۆشییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە بۆیە دەتوانین بڵێین گۆرانی و مرۆڤ لەگەڵ یەک خولقاون، لەم پەیوەندییەدا بەڵگە مێژوویەکان ئەمانبەن بۆ دەورانی پێش ئیسلام و بگرە ساسانیەکان، وەک لە لاپەرەکانی مێژوودا تۆمار کراوە کوردەکان بە دوای گرتنی نەینەوا لە خۆشیدا ئاهەنگی ساز ئەکەن و بەریتمێکی خۆش و بە ئاوازێکی سەیرەوە دەستی یەک دەگرن و سەما دەکەن بەمەش بۆ یەکەمین جار هەڵپەرکێ و جۆرە گۆرانییەک کە دەکرێ بە بناغەی گۆرانی کوردی دابنرێت دێتە ئاراوە، لە بواری گۆرانی هەورامییەوە یان ئەو گۆرانیانەی کە لە گەرووەدا ئەوترێ واتە:

(vocal musical)

گۆرانی زۆر کۆنتر و لە پێشترە لە ئامێرەکانی مۆسیقا، وە لە دەستپێکی ژیانی مرۆڤایەتی سەریهەڵداوە، مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە و لە سەرەتای زمان پژانیەوە واتە کاتی ئەکەوێتە گرو گاڵ ئیتر وردە وردە ئاوازی پچڕ پچڕ بۆ خۆی ئەڵێت یان لاسایی ئەو دەنگانە ئەکاتەوە کە گوێی لێیان ئەبێت، بۆیە دەستنیشانکردنی ساڵێکی دیاری کراو یان سەردەمێک بۆ مێژووی گۆرانی هەورامی زۆر سەخت و دژوارە، ئەگەر بیروڕای خاوەن قەڵەمەکان بێنینە گۆڕێ ڕەنگە باسەکە دەرفەتێکی زۆرتری بوێت.
بەڵام بۆ نموونە کاک دکتۆر موحەمەدی موکری دەڵێت: وشەی گۆرانی دراوەتە پاڵ گۆران کە خێڵێکی گەورەی نێوان سنە و کرمانشانە ئەم خێڵە پەیرەوی ئایینی ئەهلی حەق ئەکەن هەروەها تۆفیق وەهبی ئەڵێ گۆرانی لە عەشیرەتی گۆرانەوە هاتووە، میجێرسۆنیش ئەڵێ گۆران خاوەنی شیعر و گۆرانین و

کوردەکان گۆرانی لە گۆرانەوە فێربوون، خۆ ئەگەر ئەم بیرو بۆچوونانە ڕاست بن هەورامییەکان و گۆرانەکان لە یەک ناوچەدا دەژین و تەنانەت تێکەڵی یەکن وەک گوندی شێخان لە هەورامانی بەشی ڕۆژهەڵات و هاوار لە هەورامانی باشووری کوردستان زیارەتگای گۆرانەکانە و سوڵتان ئیسحاقیش لە شێخان نێژراوە، سەرەڕای ئەوەش گۆران گۆرانیەکانیان لە سروودی یارسایان یا سەرئەنجام وەرگرتووە ئەوا ئێستاش سیاوچەمانە چ لە ڕووی زاراوە و شیعرەکانیەوە چ لە شێوەی وتندا بناغە و سەرچاوەی مۆسیقای گۆرانە و گەلێک لە یەکتر نزیکن.

هەڵبەتە هەندێ لە شارەزایانی مێژوو تەمەنی مۆسیقای هەورامان کورتدەکەنەوە و لە ژێر ناوی فەهلەویات یان پەهلەویات ڕەنگ و بۆیەکی دەرباری پێدەبەخشن بۆیە دەڵێن: مێژووی سیاوچەمانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان واتە ئەو کاتەی کە خەسرەو پەروێز پاشای ئێران ڕوو لە هەورامان دەکات و بەهۆی سروشتی جوان و دڵفرێنی هەورامان، ئەم ناوچەیە بۆ ڕاو و شکار و سەیران هەڵدەبژێرێ، سروشتی ئەفسوناوی و قاقبۆی کەو و هاژەی ئاو و رایحە و بۆن و بەرامەی گژوگیای شاخ و داخی هەورامان وای لێ ئەکا کە لە باربەدی گۆرانی بێژ و مۆسیقاژەن داوا بکات بۆ ئەو هەموو جوانی و دڵفرێنییەی ناوچەکە ئاهەنگ و سروودێک بڵێت بە ناوی ئەورامەن کە دواتر ئەو ئاوازە دەبێتە بنەمای ئاهەنگ و گۆرانی ناوچەکە و سیاوچەمانەی لێ دەبێتەوە، سەرەڕای ئەو تێروانیینە کورتە بۆ مێژووی مۆسیقای هەورامان هەندێ کەسیتر بە شێوەی ڕووکەش سەیری مێژووی سیاچەمانە دەکەن و دەیبەنەوە بۆ سەردەمی ئەمارەتی ئەردەڵان، گوایا کەسێک بەناوی یۆسۆ ئاسکە لەبەرچاوە ڕەش و جوانەکانی کڵاوزەر خاتوون سیاچەمانەی داهێناوە، هەڵبەتە حاشا لەوە ناکەم کە یۆسو ئاسکە دەنگی خۆش بووبێت و برەوی بە سیاچەمانە دابێت بەڵام سیاچەمانە کاڵای پڕ بەهای هەورامانە و لە مێژوو و شارستانیەتی هەورامان دانابڕێت. ئەوەش خەینە ڕوو کە داگیرکەران دەیانەوێت مێژووی ئم ناوچەیە بدزن بۆ خۆیان، کە بڕوا بە هاواتی بونی ئێرانی بکەین کە ئەوش خەونی شاهانەی ئەوانە نە ژێربارچونی ئم گەلەکە خۆ بە ئێرانی بزانن.

هەورامی یان هۆرامی یەکێک لە بنشێوەزارەکانی سەر بە بنەماڵەی گۆرانیی زمانی کوردییە، و خەڵکی دەڤەری هەورامان قسەی پێ دەکەن. هەروەها زاری (زەنگەنە)ی ناوجەی دیلان،(کاکەیی)ی ناوچەی کەرکووک و هەڵەبجە و مووسڵ، ناوچەی (باجەڵان)ی ناوچەی خانەقین، (شەبەک)ی ناوچەی مووسڵ، هەندێ لە تاڵیشییەکانی ناوچەی خەزەر و هەندێ لە زازاکانی باکووری کوردستان، نزیکن لە زاری هەورامییەوە و لە یەکتری تێدەگەن.

ئەڎا = دایک

(ئاڎ = ئەو (بۆ کوڕ

(ئاڎە = ئەو (بۆ کچ

مڎۆ = ئەیدات

بەڎبەخت = بەدبەخت

سەڎ = سەد

ئاماڎە = ئامادە

(پیتی دووەم (ۋ

ۋاران = باران

ۋەر = پێش / بەڵام وەر = ڕۆشنایی تیشکی خۆر

وەرەتاۋ = خۆرەتاو

ۋەرگ = گورگ

ۋەز = بەز / وەزی = گوێز

ۋڵک = گورچیلە

ۋڕ = وڕ

ۋەنی = قەزوان

(پیتی سێیەم (ڼ / نگ

گەڼە = گەنیو

پەڹە = پەن / پەندەر

تڹ = توند

قڹگ = قنگ

بەڹگا = تاۊگە

پیتی چوارەم (ۊ) ؛ە هەمان (ۆ) ـیە لە سۆرانی.

لۊ = (لۆ) گیایەکی کوێستانییە

چۊ = دار

خۊ = خوێ

تۊ = تۆ

سۊ = سۆ

کۊ = کۆ

شۊت = شیر

خۊل = خێل

(پیتی پێنجەم (ې / ۍ) هەر وەک (یـ/ێـ و ی / ێ

ئێگە = ئێرە

لێقنە = ڕیقنە

(گولانێ = بچووکان (گولانی/تاک - گولانی / کۆ

((باخێ = باخان(باخ/تاک - باخی/کۆ

(کاڤڕێ = بەرخان (کاڤڕ/تاک - کاڤڕی/ کۆ

(بزی = بزنان (بزە/تاک - بزی / کۆ

(مەلی = مەلان (مەل/ تاک- مەلی/ کۆ

(کناچی = کچان (کناچی/تاک- کناچی/ کۆ

(کوڕی = کوڕان (کوڕ/تاک - کوڕی/کۆ

(جلی = جلان (جل/تاک - جلی/ کۆ

(شپلانی = قەیسی (شێلانی/تاک - شپلانی/ کۆ

مریچلێ = چۆلەکە

هێزی = هێزان (هێز/ تاک - هێزی/ کۆ) بەڵام هیزی = دوێنێ

(شێر = شێر (شێر/تاک - شێری / کۆ

:نموونە: هۆنراوەنووس سەیدی هەورامی دەڵێ

| | |
|---|---|
| هارەش هار کەردەن، دەور مژۆنە وێش | دیم شیرین نیشتەن، دانە مژۆ پێش |

[جێناوەکان لە هەورامیدا بەراورد بە سۆرانی:[٣

| | |
|---|---|
| سۆرانی | هەورامی |
| من | من |
| تۆ | تو |
| ئەو (بۆ کوڕ) | ئاڤ |

ئەو (بۆ کچ)     ئاڎە

ئێمە     ئہمە

ئێوە     شمە

ئەوان     ئاڎێ

## گوند و شارۆچکەکانی هەورامان

### باشووری کوردستان

ئاوایی ڕۆستەم بەگ ئەحمەدئاوا، خورماڵ ئێڵانپی باخەکۆن بنجەودڕەی بەڵخە بیارە پاڵانیان تاوێرە نتەوێڵە جاوری خارگێڵان خەرپانی دارەتفێ دەرەشیش دەرەقەیسەر دەرەی مەڕ دەگاشێخان دۆڵبیان زەردەهاڵ زەڵم سەرگەت سۆسەکان گریانە گەچێنە گوڵپ نارنجڵە هانەنەوتێ هانەودنی هانەوقوڵی هاوارەکۆ

### شارستانی سەوڵاوا

ئەسپەرێز باراماوا بڵبەر بندۆڵ بێساران پایگەلان جوڵانێ چەشمیەر خانەگا دزڵی دەرەکێ دەگاگا دەل دەڵەمەرز دەمەیۆ دووڕۆ دێوەزناو ڕەزاو ڕووار ڕۆەوەرێ زۆم ژان ژنێن ژیوار سلێن سەرپیر سەرووماڵ سوورەتوو عەباساوا فەقێکان کەڕاوا کەلجی کەماڵە گواز ناو نسەنار نوێن هەرسین هەورامان تەخت وەرگەوێڕ وەیسیان

### شارستانی سنە

ئەوێهەنگ، ساڵیان، سەرهوویە، نجێ هوویە

### شارستانی پاوە

ئاسکۆڵ ئامزیان ئیسیاوا برایمئاوا بندەرە بێرواس پەشاوا تاودوڵاو تەختە تەشار تەڵوکی تەنگیسەر تەوریبەر تولدەر خانەگا خەندانەکەر داریان دزاوەر دشە دەرمور دەرەبەیان دەرەهەجیج دەریبەر دەژنە دەشتەقەڵبی دەگاشێخان دەلیبەر دوریسان دێمۆڵێ دێوەزناو سەرڕێر سەرقەڵا سەرکڕان سورەبانە سورەتفێ سیویە شمشێر شەڕەکان شۆشمێ شێخان کەڕەسی کەلجی کەڵاتێ کەیمنە کوردەکان کۆمەدەرە گالیاوا گڕاڵ گزەدەرە گەزنە گەلیان گەلێن گەمجێ گەنمان گوڵەسارە ماسان مسێوەر میراوا نجار

نەروی، نەوسود، نەیسانە، نوریاو، نۆدشە، نۆسمە، نیەر، هانەگەرمڵە، هەجیج هەشەمێز، هەڵوان هەندیمەن، هەواساوا هیرویَ ورا وەرگەوێڕ وەزڵی وەسێ

شارستانی کامیاران

پاڵنگان

.هەورامان خاوەنی چەندین کاری دەستیی بەناوبناگی جیهانییە:

بەهۆی تایبەتمەندی ژیانی کلتوری سروشتی جوان و ڕەسەنی ناوچەکەوە و بەکارهێنانی کەرەستەی خاوی سروشتی تێکەڵ بە مادەی دەوڵەمەند و کلتوریی دیاری هەورامان، زەمینەسازی کردووە بۆ بەرهەمهێنانی چەندین پیشەسازی و خۆراک تێکەڵ بە کلتوری دیاری هەورامان.

زیاتر لە ٢٠ جۆر کاری دەستی لە هەورامان تا ئێستا بە زیندووی ماوەتەوە و ئەنجامدەدرێت، سەرباری چەندین گیروگرفت، دیارترین کەرەستەی خاو کە لە دروستکردنی ئەو کارە دەستییانەدا .بەکاردێت بە شێوەیەکی گشتی لە دارە، وەک: داری ئەرخەوان، پێست و مووی ئاژەڵ

کڵاشی پیاوان و ژنان، بەرهەمهێنانی هەنگوین، جلی کوردی پیاوان و ژنان، خواردنەکانی وەک بنێشت، چەندین جۆری تایبەتی شیرینی و نان، کاری دەستی وەک فەرش و گلیم لە بەناوبانگترین یادەوەرییەکانی ئەم هەرێمەیە.

کارە دەستییەکانی هەورامان

کڵاشی هەورامی: لەناو کارە دەستییەکانی هەوراماندا ناوبانگێکی تایبەتی هەیە و ئێستا لە تەواوی کوردستان و تەنانەت ناوچەکانی تریشدا، بە جۆرێک لە پێڵاوی کوالیتی بەرز دادەنرێن، لە ڕووی مێژووییەوە ناوەندی بەرهەمهێنانی کڵاش لە هەورامان شاری نودشێیە، شارۆچکەی تەوێڵە و هەروەها چەندین گوندی دیکە دەگرێتەوە.

ڕستن بە داری ئەرخەوان: یەکێک لە کارە دەستییەکانی ژنانی هەورامان، داری ئەرخەوانە کە جوانییەکی تایبەتی هەیە و ژنانی هەورامی بەبێ هیچ زیانگەیاندنێک بە دارەکە لقە بچووکەکانی ئەم درەختە دەبڕن، لە دروستکردنی سەبەتە و جوانکاری ناوماڵدا بەکاریدەهێنن، ئەو کەلوپەلە جوانانە لە هەورامان لەمێژە بەکاردەهێنرێن و ئێستا لە جیاتی ئەو کەلوپەلانەی کە لە پلاستیک دروست دەکرێن بۆ کاری ڕۆژانەی خۆیان بەکاریدەهێنن.

گڵێنە، تەسبیح، جاجیم و گلیم چەندین پیشەسازی دیکەن، کە ژنانی هەورامی بە دەستڕەنگینییەوە دروستیدەکەن، جاجیم کە جوانییەکی تایبەتی هەیە، هەروەها بۆ ڕازاندنەوە و ڕازاندنەوە لە گڵکاریدا .بەکاردەهێنرێت، سیمایەکی کلتوری و ناوازەی هەیە

بەرهەمهێنانی جلوبەرگی کوردی ژنان بە شێوازی کوردی ڕەسەن وەک کراس، سوخمە، سەر و کڵاو، سەڵتە، کەوا ) بە جۆری جیاواز و جلوبەرگی چۆڕدی پیاوان کە چۆغە و رانک، پشتوێن، فەرەنجی، پوزەوانەیە تا ئێستا بەردەوامە.

هەروەها چەندین دەفر کە پێی دەوترێت قولینە تایبەت بە گواستنەوە و عەمبارکردنی کەلوپەلە خۆراکییەکان لە هەورامانی کۆن بەرهەم دەهێنرێن، کەلوپەلەکانی چێشتخانە وەک کەوچک و قاپی دارین، هەندێک کەلوپەلی دیکە وەک شانەی لە دار درووستکراو، جاجیم، موج، ڕاخەر، دەفری گەورەی تایبەت بەهەڵگرتنی ڕۆن و ئاو کە بە مەشکە ناسراوە، هەروەها چەندین پێداویستی دیکەی ژیانی باخداری و ئاژەڵداری لە هەورامان بەرهەم دەهێنرێت و هەروەها بۆ ناوچەکانی دەرەوە هەناردە دەکرێت.

خەڵک بۆ هاڕینی گەنم دەهاتنە هەورامان

بەهۆی زۆری کانیاوەکان، هەورامان پێشتر ناوەندی ئاش بووە و خەڵکی لە چەند ناوچەی دراوسێوە بۆ هاڕینی گەنم دەهاتن بۆ هەورامان و هەندێک دۆڵ بە دۆڵی ئەسەڤان دەناسراون بەهۆی زۆری ئەو جۆرە کارانەوە، لە ئێستادا ئەو جۆرە پیشەسازییە بەرەو لە ناوچوون دەچێت و تەنها پاشماوەی لە شوێنەکاندا بەدی دەکرێت.

خواردن و میوە بەناوبانگەکانی هەورامان

هەناری هەورامان زۆر بەناوبانگە و هەموو پایزێک هەزاران تەن لەم بەرهەمە لە بازاڕدا دەکرێت، بەشێکی زۆری ئەم بەرهەمە بە ڕێگای تەقلیدی دەکرێت بە ڕووبەهەنار کە چڕییەکی زۆری هەیە و خاوەنی کوالیتییەکی بەرزە، لە هەندێک شوێن وەک گوندی دۆدان، جۆرێک هەنار هەیە بە پیر میکایلی ناسراوە، سودی تەندروستی لێدەبینرێت.

زیاتر لە ١٠ جۆر ترێ لە هەوراماندا گەشە دەکەن، گرنگترین جۆری ئەو ترێیانە پێی دەوترێت ترێی ڕەش، کە مێوژێکی تایبەتی لێ ئامادە دەکرێت و بە گشتی لە زستاندا بەکاردەهێنرێت.

چەندین جۆری هەنجیریش کە هەنجیری سادە و زەردی تێدایە لە هەورامان گەشە دەکەن، هەروەها گوێز یەکێکە لە گرنگترین بەروبوومەکانی ئەم ناوچەیە، ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاو لەو بەروبوومە کۆدەکرێتەوە و بەگشتی هەناردەی ناوچەکانی دیکە دەکرێت، دار گوێزەکانی ئەم ناوچەیە زۆر درێژن و زۆر جاریش دەکەونە دۆڵ و ناوچەی سەختەوە کە کۆکردنەوەی بەروبووم لێیان قورس و گران دەبێت، خەڵکی هەورامان بە شێوەی جۆراوجۆر ناوکی گوێز بەکار دەهێنێت، لەوانە دروستکردنی نانی تایبەت و بۆ خواردن.

هەروەها توو لە ژمارەیەکی بەرچاو لە دارەکانی ناوچەکە دروێنە دەکرێت تووی وشککراو پێشتر زۆر گرنگ بوو لە مامەڵەی باڕ بە گەنم و جۆ، تووی وشککراو بەکاردێت بۆ دروستکردنی شەربەت.

## بەروبومی ئاژەڵی

ئاژەڵداری لە مێژە یەکێک بووە لە خاسیەتە بەناوبانگەکانی خەڵکی هەورامان و هێشتا بە شێوەی نەریتی بەردەوامە، بەهۆی زۆری ئاو و لەوەڕگاکان بەکوالێتی باش و شارەزایی لەپیشەسازی ئاژەڵداریدا، بەردەوام ڕەچاوی بەرهەمی ئاژەڵداریی هەورامان کراوە.

هەورامان یەکێکە لە سەنتەرە گرنگەکانی بەرهەمهێنانی گۆشت و ڕۆن و کەرە و دۆ و بەرهەمە شیرەمەنیەکانی دیکە، هەورامان هەمیشە ناوەندی هەناردەکردنی ئەو بەرهەمانە بووە بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان و ئێران، ڕۆنی ئاژەڵ و چارەسەری ئاژەڵی لێژاییەکانی شاهۆ و ماکوان زۆر بەناوبانگن و کوالێتیباشیان هەیە.

## نان و خۆراکی هەورامان

بەرهەمی گەنم و بەرهەمە شیرەمەنیەکان، سەرەکیترین شوێنی خۆراکی خەڵکی هەورامانن، بە بەکارهێنانی ئەو پێکهاتەیە جۆرەها خواردنیان لێدروستکراوە، لە هەورامان چەندین خواردنی نەریتی هەن و هێشتا ئامادەدەکرێن و بەکاردەهێنرێن، ناوی کلتووری بەشێک لەو خۆراکانە ئەمانەن: شەلەمین، پێتلە، دێڤین، دۆخوا، یاپاراخ، غورمێ، شوربا، یەخەوا، تاتر ئاڤێ، کواو، کەیت و هتد.

جگە لەو نانانەی کە بە نانی ساجی و نانی هەورامی ناسراوە، کە زۆر تەنکە، ساڤی، شێلکینە، کەلەین، نیمچە دەموچاو، گیتە مۆجگە، کلێچێ و کەلێنە ئامادە دەکرێت.

هەنگوینی هەورامان بەناوبانگە و بەهۆی جۆراوجۆری ڕووەکە کوێستانییەکان کوالێتییەکی زۆر باشی هەیە کە لە هەندێک ناوچەکان و لە کۆگاکان پێشکەش دەکرێت.

هەورامان کۆڵەکەی کولتوور، داب و نەریت و فولکلۆری نیشتمانمانە کە باسێکی زۆر هەڵدەگرێت کە سەدان پەرتوکی لەسەر بنووسرێت ئەمەش کورتە بابەتێکە لە سەر هەورامان گەر تەمەن ئزن بدات زیاتر لەسەر کولتووری مێژووی هەورامان دەخینە بەردەستان

## وێنەکان














SAHIB ABBASI



